**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٢٩٧٨ لە ٢٠٢٦/٣/١٥**

**بڕیاری ژمارە (٢٩٥)ی ساڵی ٢٠٢٦**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٨) لە ٢٠٢٦/٢/٢٥، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراویان ژمارە (٣٩٧٦٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٢/١٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٦/١٨ تایبەت بە لێخۆشبوون لە سزاکانی سەرپێچیی هاتووچۆ بە ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیست بۆ (٦) شەش مانگی دیکە تاوەکو ٢٠٢٦/٦/٣٠.

٢- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**